AbasShiwan - عەباس شوان
فینلاند

# جەمال شەریف، بوەستە!

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەهەواڵی (چەپی کوردی و فینلاندی 1ی ئایاریان بەرز ڕاگرت) لەهەردوو ماڵپەڕی دەنگەکان و کوردستانپۆستدا، بەڕێز جەمال شەریف کورتە نووسینێکی بەناونیشانی(ڕاستکردنەوەی ڕاپۆرتێکی عەباس شوان) لەهەردوو شوێنی ئامانژەبۆکراو بڵاوکردەوە.



ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەبێت ئەوەیە کاتێک خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە بووم وەک عورفی ڕۆژنامەوانی بەباشمزانی ئەو دوو کەسە ئەکتیڤەی بەشداریان کرد و پەیڤیان هەبوو، قسەیان وەربگیرێت. بۆ ئەو مەبەستە ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەچات ـ میسنگەر پەیوەندیم پێیانەوە کرد. ئەوەی هاتووە بەتایبەتی هی بەڕێز سەفین هەینی من بۆم دانەتاشیوە، چی وتووە گواستوومەتەوە.

کە ئێوارەی ڕۆژی هەینی 06.05.12 بەمیسنگەر قسەمان کرد، پێچەوانەی ئەوەی نەووت تەنها لەبۆنەکەدا وەک نوێنەری ڕێکخراوی (سومۆکۆ ـ Sumoko) بەشدار بووە. قسەکانی پشتڕاستکردەوە. من بۆ خۆم گوێم لەوەبوو، پێشکەشکاری بەرنامەکان وەک نوێنەری ڕێکخراوی سومۆکۆـ Sumoko سەفین هەینی بانگی کرد بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی. بەڵام لای من ئەوەی بۆ زیاد کرد کە نوێنەرایەتی تەوژمە سیاسییەکەیشە، چووزانم لەکۆمیتەکەی ئامادەکاری بۆنەکەدا، تەنها وەک نوێنەری ڕێکخراوی ناوبراو ناوی نووسراوە!

خاڵێک بۆم ناڕۆشنە نازانم بەڕێزی بەچ سیفەتێک هاتۆتە وەڵام؟! دەبوایە لەوەڵامەکەیدا پلەوپایەکەی بینووسیایە. بەڵام خوێنەر دەزانی بەرگری لەتەوژمی کۆمۆنیستی کرێکاری دەکات، لەدژی بەشداری و تەنها ناوهێنانی تەوژمێکی دی کە مێژوویەکیان لەدژایەتی و ناکۆکی لەسەر یەکتر تۆمار کردووە. پێدەچێ هەر ئەوهۆیە بێت وای لەبەڕێزی کردبێت وەڵام بداتەوە.

ئەوەیش هەنگاوێکە و بیانویەکە بۆ بەربەستدانان و لەمپەر دروست کردن بۆ هاوبەشیکردن لەکاری داهاتوو، نەهێڵن ئەو کەس ئەو ڕێکخراوەیە جارێکی دی لەو کارانەدا بەشداربن. جا نازانم ئەوەیان تا چەند بۆ دەچێتە سەر!؟

نوێنەری یەکێتی کۆمۆنیستان، ڕەخنەی لەناونیشانی ڕاپۆرتەکە هەبوو، بەوەی ئەوانم وەک چەپی کوردی وەسفکردووە، کە وا نییە، بەداخەوە بزووتنەوەی چەپ لەکوردستاندا قەبارەیەکی زیاتر بەخۆیان دەدەن، ناوچەی جوگرافیان فراوان دەکەن دەڵێن: عێراقین!!

لەکۆتایدا سوپاس بۆ بەڕێز جەمال شەریف کە لەکەموکوڕییەکانم نابووری و ئاشکرایان دەکات، داوای لێبووردن لەهەموو دەکەم، شتێکی دەستەئەنقسەت و کۆنەقینم بەکارنەهێناوە. هەردوولا، بۆم وەک یەکە. بەو ڕاپۆرتە ویستم ڕێزێک لەو بۆنەیە بگرم و مەیلی چەپی و کرێکاریم نوێ بکەمەوە، هیچی تر.

06.5.12

---

AbasShiwan - عەباس شوان
فینلاند

تکایە بڕوانە رەخنەکە: http://www.dengekan.com/doc/2006/5/jamalSharif11.htm

http://www.kurdistanpost.com/default.asp?menu=article&aid=1272

تکایە بڕوانە ڕاپۆرتە هەواڵەکە:

http://www.kurdistanpost.com/default.asp?menu=article&aid=1147

http://www.dengekan.com/doc/2006/5/abasShwan3.htm